مەسعود بارزانی بە بۆنەی جەژنی قیامەت پیرۆزبایی لە کریستیانەکان دەکات

مەسعود بارزانی بە بۆنەی جەژنی قیامەت، پیرۆزبایی لە کریستیانەکان دەکات و جەخت لە فەرهەنگی پێکەوەژیان و برایەتیی دەکاتەوە.

شەممە 19ـی نیسانی 2025، مەسعود بارزانی، بە بۆنەی جەژنی قیامەت، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.

لە پەیامەکەدا هاتووە، "بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی قیامەتی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لێ بێت)، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خوشك و برایانی کریستیان لە کوردستان و عێراق و هەموو جیهان دەکەم."

بارزانی دەڵێت: لەم بۆنەیەدا جەخت لە فەرهەنگی پێکەوەژیان و برایەتی و تێبایی نێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانتی کوردستان دەکەینەوە.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا، ئاماژە بەوە کراوە، پێکەوەژیان و لێبوردەیی شانازییەکی گەورەی گەلی

کوردستانە و دەبە بپارێزرێت و دەوڵەمەندتر بکرێت.

لە کۆتایی پەیامەکەی بارزانیدا هاتووە، "هیوادارم خوشك و برا کریستیانەکان و سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی تر بێنە و جژنەکانیان لە ئاشتی و ئاسوودەییدا بکەنەوە. جژنتان پیرۆز بێ و هیوای شادی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم. "